بێترس و هومێد و دەمرین

وتاری نۆبڵی هێرتا میولەر

له فارسییەوە: جەبار سابیر

«دەسڕت پێیە؟» هەموو بەیانییەك، بەر لەوەی پێ بخەمە سەر شەقامەكە، دایكم لە پەنا دەرگای ماڵەوە، ئەمەی لە من دەپرسی. منیش قەت دەسڕم پێنەبوو، لەبەرئەوەی پێم نەبوو، دەگەڕامەوە ماڵێ و دەسڕم هەڵدەگرت. بەڵێ، قەت دەسڕم هەڵنەدەگرت و هەموو جارێك چاوەڕێ بووم دایكم ئەمەم لێ بپرسێت. دەسڕ نیشانەی ئەمە بوو، دایكم بەیانیان لە فكری مندایە. باقی رۆژەكە خۆم بووم و خۆم. «دەسڕت پێیە؟» ئەم پرسیارە نیشانەی ناڕاستەوخۆی هۆگری و خۆشەویستی بوو. شەرم و ئابڕوو دەبووە رێگر لە دەربڕینی هۆگری راستەوخۆ، لەبەرئەوەی لە فەرهەنگی وەرزێڕاندا جێگەیەكی نەبوو. عەشق و هۆگری لە ناو پرسیارێكدا خۆی دەنواند. تەنها بەم شێوەیە دەكرا عەشق و ئەوین دەربڕیت- بێهەست، بە شێوەی فەرمان و نەهی، یان وەك ئەو جووڵە لێوەشاوانەی كاتی كارەكان ئەنجامدەدرا. لەراستیدا ئەم وشكی قسەكردنە نیشانەی عەشق و سۆزبوو. من هەموو رۆژێك بەیانیان دوو جار بەرەو دەرگای ماڵەوە دەچووم، جاری یەكەم بێ دەسڕ و جاری دووەم بە دەسڕەوە. تەنها جاری دووەم دەچوومە سەر شەقامەكە و لەبەرئەوەی دەسڕم پێبوو وەك بڵێی دایكیشم پێبوو.

بیست ساڵ تێپەڕی. ماوەیەكی زۆر بوو بە تەنیا لە شار دەژیام و لە كارگەیەك وەك وەرگێڕ سەرگەرمی كار بووم. كاتژمێر پێنجی بەیانی لە خەو هەڵدەستام و كارەكەمان لە كاتژمێر شەش و نیو دەستی پێدەكرد. هەموو رۆژێك بەیانیان، بڵندگۆكە جاڕی سرودی میللی بە گۆڕەپانی كارگەكەدا دەدا و كاتی نانی نیوەڕۆیش سرودی بە كۆمەڵی كرێكاران پەخشدەكرد، بەڵام كرێكاران بە چاوی بێ حاڵەت و بێ رووناكی و بە دەستی شەڵاڵ لە رۆندا، بێدەنگ دادەنیشتن تا نان بخۆن. نانەكەیان لە رۆژنامەیەكەوە پێچابوو. بەرلەوەی پارچە سۆسیسە چەورەكەیان بخۆن، جێگە نوسینی رۆژنامەكەیان لەسەر بەرگی سۆسیسەكە دەكڕاند. دوو ساڵ بەم شێوەیە تێپەڕی، هەموو رۆژێك وەك رۆژی بەرێ.

لە ساڵی سێیەمدا ئەم رەوشە تێكچوو. لە ماوەی هەفتەیەكدا، سێ جار بەیانیان زوو سەروسەكوتی پیاوێك لە نوسینگەی كارەكەم دەركەوت، پیاوێكی هەیكەل بەهێز و زلە بە چاوی تیژی شین- خێوێكی بێ شاخ و كلك لە بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشەوە.

جاری یەكەم وەستا و تێروپڕ جنێوی پێدام و رۆیشت.

جاری دووەم باگێڕەرەوەكەی داناو بە كلیلی دۆڵابەكەدا هەڵیواسی و دانیشت. ئەو رۆژە بەیانییەكەی چەند چڵە گوڵاڵەسورەیەكم لە ماڵەوە هێنابوو و لە گوڵدانێكدا دامنابوو. كابرا سەیری منی كرد و وتی مرۆڤناسێكی سەیر و شارەزام. تۆنەكەی باش نەبوو. بێتاقەت بووم، بۆئەوەی لە رووبدا بوەستم، وتم گوڵاڵەسورە دەناسم، بەڵام مرۆڤەكان نا، پاشان ئەو بە ناڕەسەنی وتی راستە من گوڵاڵەسورە دەناسم، بەڵام ئەو من باشتر دەناسێ، پاشانیش باگێڕەرەوەكەی دا بە شانیدا و رۆیشت.

جاری سێیەم، بەڵام من وەستام، لەبەرئەوەی جانتاكەی لەسەر كورسییەكەی من دانابوو. نەموێرا جانتاكەی هەڵبگرم و لەسەر عەردەكە دایبنێم. بە منی وت خەڵەفاو، تەممەڵ، بێسەروبەر، بەرەڵا، قەحپە. گوڵاڵەسورەكانی هەڵدایە كونجێكی مێزەكە، هەنگێ پەڕە كاغەزێك و قەڵەمێكی لە ناوەڕاستی مێزەكەدا دانا. نەڕاندی: بنووسە.

هەر بە پێوە هەرچی وت نووسیم- ناو، مێژووی لە دایكبوون، ناونیشان، پاشان وتی نابێت بابەتەكە بە كەس بڵێم، تەنانەت بە هاوڕێ و نزیكانیشم،

بیست ساڵ تێپەڕی. ماوەیەکی زۆربوو بە تەنیا لە شار دەژیام و لە کارگەیەك وەك وەرگێڕ سەرگەرمی کار بووم. کاتژمێر پێنجی بەیانی لە خەو هەڵدەستام و کارەکەمان لە کاتژمێر شەش و نیو دەستی پێدەکرد. هەموو رۆژێك بەیانیان، بڵندگۆکە جارێ سرودی میللی بە گۆڕەپانی کارگەکەدا دەدا و کاتی نانی نیوەڕۆیش سرودی بە کۆمەڵی کرێکاران پەخشدەکرد

بەڵێ... پاشان وشەی ترسناکی «کۆلابوریز»ی لە زار دەرپەڕی، واتا دەبوو بنووسم «من هاوکاری دەکەم»، بەڵام من نەمنووسی. قەڵەمەکەم دانا و بەرەو پەنجەرەکە رۆیشتم و سەیری شەقامی تۆزاویم کرد، کە قیری پێوە نەبوو و پڕبوو لە چاڵی و چۆڵی و هەموو ئەو خانووانەی، کە چما چیچکەیان کردبوو. بەهەرحاڵ، بەم شەقامەیان دەوت ستراداا گلۆریی- واتا شەقامی شانازییەکان. لەم شەقامی شانازییانە، پشیلەیەك لەسەر دار تووپەکی زڕ و رووتەڵە هەڵکورمابوو. پشیلەی کارگەکەی ئێمە بوو بە گوێی بڕاوەوە. بەبان سەری پشیلەکەوە، خۆری سپێدان وەك تەپڵ زەرد بوو. وتم: «ن، م کاراکترول» واتا من مرۆڤی ئەم کارە نیم. ئەمەم بە شەقامەکە وت. وشەی «کاراکترول» کارمەندی ئاساییشەکەی شێت و هارکرد. پەڕە کاغەزەکەی دڕاند و پارچە دڕاوەکانی لەسەر عەردی ژوورەکە بڵاوکردەوە، پاشان وەك بڵێی بیری کەوتەوە، کە دەبێت پیشانی سەرۆکەکەی بدات دواهەوڵی خۆی داوە، تا بۆچوونی من بۆ هاوکاری رابکێشێت. ئەوەبوو دانەوییەوە، کوتە کاغەزەکانی گردکردەوە و خستییە جانتاکەیەوە. دواتریش ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و تیاماو و تووڕە گوڵدان و گوڵەکانی ناوی بە دیوارەکە کێشا. گوڵدانەکە کاتێك شکا، دەنگێکی وەك ددانەچۆقێی لێبەرزبۆوە، چما هەوا ددانی هەبوو. جانتاکەی خستە ژێر باڵییەوە و زۆر بە ئارامی وتی: (ژێوان دەبییەوە. لە رووبارەکەدا نووقمت دەکەین.) وەك بڵێی لەگەڵ خۆم بێت، وتم: (ئەگەر واژۆی بکەم ئیدی ناتوانم لەگەڵ خۆم بسازێم و ئەوسا دەبێت خۆم، خۆم لە رووبارەکەدا نووقم بکەم، کەواتە ئەوچاتر کە ئێوە نووقمم بکەن.) ئیدی دەرگای ژوورەکە کرابۆوە و ئەو رۆیشتبوو. لە دەرەوە، لەسەر شەقامی شانازییەکان، پشیلەی کارگەکە لەسەر دارەکەوە خۆی هەڵدابووە سەربانی تەلارەکە. لقەدارێك وەك جۆلانێ لەنجەولاری بوو.

هێرتا مۆلەر

بۆ سبەی کێشمەکێشم دەستی پێکرد. نەیاندەویست من لە کارگەکە بمێنم. دەبوو هەموو بەیانیانێك کاتژمێر شەش و نیو راپۆرت بدەمە بەڕێوەبەر. سەرۆکی سەندیکای فەرمی کرێکاران و سەرۆکی پارتیش لە ئۆفیسەکەی بەڕێوەبەر بوون. رێك وەك دایکم کە دەیوت: (دەسڕت پێیە؟) جەنابی بەڕێوەبەریش هەموو رۆژێك بەیانیان دەیپرسی: (کارێکی دیت نەدۆزییەوە؟) منیش هەموو جارێك وەڵامێکی دیاریکراوم دەدایەوە: (بە شوێن کاردا ناگەڕێم. حەزدەکەم هەر لێرە لە کارگەکە بم. حەزدەکەم ئەوەندە لێرە بمێنمەوە تا خانەنشین بم.)

بەیانی رۆژێکیان کە دەچوومە سەر کارەکەم، بینیم فەرهەنگە ئەستورەکەمیان لە دەرەوەی ژووری کارەکەم، لەسەر عەردی راڕەوەکە پەرت و بڵاوکردۆتەوە. دەرگای ژوورەکەم کردەوە. ئەندازیارێك لە پشت مێزەکەمەوە دانیشتبوو. وتی: (مرۆڤ بەر لە چوونەوە ژوورەوە دەبێت لە دەرگا بدات. ئێرە ماڵی منە. ئیدی تۆ لێرە کارێکت نییە.) نەمدەتوانی بگەڕێمەوە ماڵێ، لەبەرئەوەی هەر جۆرە پیواریەکی بێ ئاگاداری بیانووی دەدایە دەست ئەوان تا دەرم بکەن. ئیدی ژووری کارکردنم نەبوو، بەڵام دەبوو بیسەلمێنم هاتوومەتە سەر کارەکەم. نەدەبوو بە هیچ کلۆجێك بە پیوار لە قەڵەم بدرێم.

هاوڕێیەکم هەبوو، کاتێك خەریکبووین پێکەوە لە شەقامی پڕ چاڵی و چۆڵی شانازییەوە بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشتین، هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە. ئەم هاوڕێیە کونجێك لە مێزەکەی خۆی بۆ من چۆڵکرد، بەڵام بەیانی رۆژێکیان لە ژووری کارەکەی هاتە دەرێ و بە منی وت: (ناتوانم رێگەت بدەم. هەموو دەڵێن تۆ سیخوڕی.) ئازار و ئەزێت لە سنوور تێپەڕی بوو و بابەتەکە لە نێو هاوکارەکانمدا زار بە زار گەڕابوو. لەمە خراپتر نەدەبوو. مرۆڤ دەتوانێ لە بەرامبەر هێرشدا بەرەڤانی لە خۆی بکات، بەڵام لە بەرامبەر بوختان و درۆ و دەلەسەدا دەتوانی چی بکەیت؟ هەموو رۆژێك خۆم بۆ هەموو شتێك ئامادە دەکرد، تەنانەت بۆ مردنیش، بەڵام دەرەقەتی ئەم درۆ و دەلەسەیە نەدەهاتم. بە هیچ جۆرە ئامادەیی و تەدارەکێك نەدەکرا بەرگەی بگریت. درۆ و دەلەسە مرۆڤ بەرەو زەلکاو دەبات. مرۆڤ هەناسەی لێدەبڕێت، لەبەرئەوەی ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکات. لە روانگەی هاوکارەکانمەوە من رێك هەمان ئەو شتە بووم کە نەمویستبوو ببم. ئەگەر سیخوڕیم بەسەر کارەکانیانەوە کردبوو بێ هیچ گومان و دوودڵییەك متمانەیان بە من کردبوو. ئێستا کە ئامادە نەبووبووم سیخوڕی بەسەر کارەکەیانیانەوە بکەم، خەریکبوون سزایان دەدام.

دەبوو بیسەلمێنم دەچمە سەر کارەکەم، بەڵام ئیدی ژووری کارم نەبوو و هاوڕێکەیشم ،ئیدی رێگەی نەدەدام بۆ ژوورەکەی خۆی. لە سەر پلیکانەکان وەستام. نەمدەتوانی بڕیاربدەم چی بکەم. چەند جارێك لە پلیکانەکان سەرکەوتم و هاتمە خوارێ و کتوپڕ بوومەوە هەمان منداڵەکەی دایکم، لەبەرئەوەی دەسڕم پێبوو. دەسڕەکەم لەسەر یەکێك لە پلیکانەکانی نێوان نهۆمی دووەم و سێیەم راخست، بە وردی سافمکرد و لە سەری دانیشتم. وشەنامە ئەستوورەکانم خستە سەر ئەژنۆم و روونکردنەوەی خەسڵەتەکانی دەزگا هایدرۆلیکییەکانم وەرگێڕا. بوومە کارمەندی قاڵدرمەنشین. نووسینگەی کارەکەیشم دەسڕێك بوو. کاتی نانی نیوەڕۆ هاوڕێکەم هات لەسەر پلیکانەکە لە پەنامەوە دانیشت. پێکەوە نانمان خوارد، هەروەك چۆن پێشتر لە ژووری کارەکەی ئەو نانمان دەخوارد و بەر لەوەیش لە ژووری کارەکەی من. لە

بڵندگۆی گۆڕەپانەکەوە دەنگی سرودی بە کۆمەڵی کرێکاری پەخش دەبوو، کە وەك هەمیشە جاڕی بەختەوەری جەماوەری دەدا. هاوڕێکەم نانەکەی خوارد و بۆ حاڵی من گریا. من نەگریام. دەبوو پتەو و سەنگین بم، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و پاش چەند هەفتەیەکی کشدار دواجار دەریانکردم.

لەو سەردەمەی کە قادرمەنشین بووم، لە وشەنامەکەدا سەیری وشەی پلەم کرد: بە یەکەمین پلەیان دەوت «پلەگا» کە دەیتوانی «قەپۆز»یان هەمان لێواری ئاسۆیی پلەیش بێت. ناوچەوانی پلە یان بەرزییەکەی خاوەنی لایەکە کە پێیدەڵێن دەست یان بەر. لێواری عەردی پلەکە کە لە ئاستی ناوچەوانەوە دێتە دەرێ، پێی دەوترێت قەپۆز. لە پێشتریشەوە چەند وشەیەکی جوانم دەناسی کە پەیوەست دەبوون بە بەشەکانی دەزگاگەلی هایدرۆلیکی: کلك پەڕەسێلکەیی، مل قازی، مۆرەی دەرخۆنە، برغوو گوارەیی، بەڵام سەرم سووڕما لە ناوە شاعیرانەکانی بەشی پلە و لە جوانی زمانی تەکنیکیش. قەپۆز، دەست، کەواتە پلە خاوەنی لەش و جەستەیە. مرۆڤەکان چ بە دار کاربکەن، چ بە بەرد، چ بە چیمەنتۆ چ بە ئاسن، چ پێداگرییەکیان هەیە رووخساری خۆیان، تەنانەت لە سەر نەگونجاوترین شتەکانی دنیایش وێنابکەن، لەسەر مادەی مردوو ناوی جەستە و لەشی خۆیان دابنێن و ئەوان وەك وێناکراوی بەشەکانی لەشی خۆیان بزانن؟ ئایا ئەم لابردنە شاراوەیە پێویست نییە، تا کارێکی سەخت بۆ پیشەسازەکان بەرگە گیراو بێت؟ ئایا هەموو کارێك لە هەر رشتەیەکدا پاشکۆی هەمان بنەڕەت نییە، کە فەرمانڕەوا بوو بە سەر پرسیارەکەی دایکمەوە لە بارەی دەسڕەوە؟

کە منداڵ بووم چەکمەجەیەکی پڕ دەسڕمان لە ماڵەوە هەبوو، کە هەمیشە دوو ریزی هەبوو و هەر ریزێك دابەشدەبوو بۆ سێ بەش: بەری چەپ، دەسڕە پیاوانەکان بوو، بۆ باوکم و بابەگەورەم. بەری راست، دەسڕە ژنانەکان بوو، بۆ دایکم و دایەگەورەم. لە ناوەڕاستیشدا دەسڕە منداڵانەکان بوو، بۆ من.

ئەم چەکمەجەیە وێنەیەکی خێزانی بوو لە بۆتەی دەسڕدا. دەسڕە پیاوانەکان گەورە بوون، بە رێڕێی رەش و دامێنی قاوەیی، خۆڵەمێشی یا شەرابی. دەسڕە ژنانەکان بچووکتر بوون، بە دامێنی شین، سور یان سەوز. دەسڕە منداڵانەکان زۆر بچووك بوون، لە شێوەی چوارگۆشەی سپی و بێ دامێنەیەك کە شێوەی گوڵ یا ئاژەڵیان هەبوو. هەر جۆرێك لەم دەسڕانەیش تایبەتبوون بە کارێك- دەسڕەکانی ریزی پێشەوە بۆ کاری رۆژانە، دەسڕەکانی ریزی دواوە بۆ یەکشەممان. رۆژانی یەکشەممە، دەسڕ دەبوو لەگەڵ رەنگی جلەکان بێتەوە، هەر چەندە کە نەدەبینرا.

هیچ شتێکی ماڵەکە بە هێندەی دەسڕ بۆ ئێمە گرنگ نەبوو، تەنانەت خودی خۆیشمان. بۆ هەموو کارێکیش سود لە دەسڕ وەردەگیرا: فنکردن، بەربوونی خوێنی لووت، برینی دەست، ئانیشك یا ئەژنۆ، گریان، یان گازگرتن بۆ بەرگرتن لە گریان. کاتێك سەرمان دەئێشا، دەسڕی ساردی شێدارمان لەسەر ناوچەوانمان دادەنا. کاتێك کە هەتاو بە تینبوو، یان وەختێك کە باران دایدەکرد، چوارگۆشەکەیمان گرێ دەدا و دەمانکردە سەرمان. ئەگەر دەمانویست شتێکمان بیرنەچێتەوە، دەسڕەکەمان گرێدەدا، تا کاتێك چاومان بە گرێکە کەوت، بێتەوە بیرمان. ئەگەر جانتایەکی گەورەمان هەڵدەگرت، دەسڕمان لە دەستمان دەپێچا. کاتێك شەمەندەفەر لە وێستگەکە دەردەچوو بە نیشانەی ماڵئاوایی دەسڕمان رادەوەشاند. لەبەرئەوەی گۆکردنی فرمێسك لە شێوەزاری باناتدا وەك گۆکردنی شەمەندەفەر لە زمانی رۆمانیاییە، دەنگی

جێڕەجێڕی ڤارگۆنەکان لەسەر ئاسنەڕێکە، هەمیشە لە روانگەمەوە وەك گریان وابوو. لە ئاوایی، ئەگەر کەسێك دەمرد، یەکسەر بە دەسڕ چەناگەیان دەبەست، تا کاتی رەقبوونی لاشەکە دەمی مردووەکە داخراو بمێنێتەوە. لە شار ئەگەر کەسێك لە تەنیشت شەقامەکەوە بکەوتایە، هەمیشە رێبواران دەسڕێکیان لە گیرفانیان دەردەهێنا و دەموچاویان دادەپۆشی و دەسڕەکە دەبووە یەکەمین کێلە گۆڕی مردووەکە.

رۆژانی گەرمی هاوین، باوك و دایکەکان درەنگە شەوێك منداڵەکانیان دەنارد بۆ گۆڕستان، تا گوڵەکان ئاو بدەن. دوو - دوو یا سێ - سێ دەڕۆیشتین و خێرا خێرا و بە نۆرە ئاوپڕژێنی گۆڕەکانمان دەکرد، پاشان لە سەر پلیکانەکانی کەنیسە کۆدەبووینەوە و سەیری ئەو باپوسکە باریکە سپیانەمان دەکرد، کە لە هەندێك لە گۆڕەکانەوە بەرزدەبۆوە. تۆزێك بەرزدەبوونەوە، پاشان لە تاریکییەکەدا وندەبوون. بۆ ئێمە ئەمانە رۆحی مردووەکان بوون: شێوەی ئاژەڵان، پەرداخ، بتڵ و کوپ، دەستکێش و گۆرەوی، لێرەو لەوێ، دەسڕێکی سپی لە ناوەڕاستی شەوی دەیجووردا.

دواتر کە ئۆسکار پاستیۆر1م بینی، تا لەبارەی دوورخستنەوەی ئەو بۆ ئۆردوگای کاری یەکێتی سۆڤێت وتارێك بنووسم، پێیوتم دایکێکی بە تەمەنی

کە منداڵ بووم دەبوو فێری ژەنینی ئۆکۆردیۆن بم، بە پێچەوانەوەی حەزی خۆمەوە. لە ماڵەوە ئۆکۆردیۆنێکی سوورمان هەبوو، کە هیی هەمان سەربازی مردوو، واتا ماتس بوو. قایشی ئۆکۆردیۆنەکە بۆ من زۆر درێژ بوو، بۆئەوەی لە شانەکانم نەخلیسکێ، مامۆستای ئۆکۆردیۆنەکە بە دەسڕێك ئەم قایشانەی لە پشتمەوە گرێدەدا.

روس دەسڕێکی سپی دابوو بەو، کە لە باتیست دروستکرابوو. ژنە روسەکە پێیوتبوو بەخت یاوەری هەر دوو کەسەکە بێت، هەم تۆ بە زوویی بگەڕێیتەوە ماڵی و هەم کوڕەکەم. کوڕەکەی هاوساڵ و تەمەنی ئۆسکار پاستیۆر بوو و بە هێندەی ئەویش لە ماڵەوە دووربوو، بەڵام بە وتەی ژنەکە، لە جێگەیەکی بە پێچەوانەی ئاراستەی ئۆسکارەوە و لە دوورخەرەوەگای سوپایی. ئۆسکار پاستیۆر لە دەرگای ماڵەکەی ژنەی دابوو. سواڵکەرێکی نیوە برسی بوو، کە دەیویست کەرسەکە خەڵووزێکی بەردین بدات و لە بەرامبەردا تۆزێك خۆراك وەربگرێت. ژنەکە فەرمووی لێکردبوو بۆ ژوورێ و تۆزێك شۆربای گەرمی دابوویە. کاتێکی بینی بووی ئاوی لوتی دەچکێتە کاسەکەوە، ئەو دەسڕە سپییە باتیستەی پێدابوو، کە تا ئەو کاتە کەس بەکاری نەهێنابوو. دەسڕەکە بەو دامێنە تۆڕییەیەوە، کە بە داوی ئاوریشم گوڵدۆزی کرابوو، شتێکی جوان بوو، کە هەم سواڵکەرەکەی دەلاواندەوە و هەم ئازاری دەدا. تێکەڵەیەك بوو لە دوو شت: هەم هەتوانێك لە بابەتی باتیست، هەم نیشانەیەکی ئاوریشمین بۆ لە پێکەوتوویی کابرا. لە روانگەی ژنەکەیشەوە ئۆسکار پاستیۆر تێکەڵەی دوو کەس بوو: هەم سواڵکەرێك لە ماڵەکەی ئەو چۆڵ لە دار و نەداری دنیا و هەم منداڵێکی ونبوو لە دنیا. ئەم دوو کەسە هەم خۆشحاڵ بوون و هەم بارەوبار لە رەفتاری ژنێك، کە خۆیشی دوو کەس بوو: ژنێکی گومناوی روس و دایکێکی نیگەران کە دەیوت «دەسڕت پێیە؟»

لەو کاتەوەی ئەم بەسەرهاتەم بیستووە، منیش پرسیارێکم هەیە: ئایا رستەی «دەسڕت پێیە؟» لە هەموو جێگەیەك نییە؟ ئایا لە سپێتی سەهۆڵبەندان و توانەوەی سەهۆڵەکان، تا ناوەندی جیهان بەردەوام نابێت؟ ئایا بە نێو چیا و دەشتەکاندا ناڕوات و هەموو سنورەکان تێناپەڕێنێ؟ ئایا ناتوانێ ڕێگەکان تەیبکات و بچێتە ئیمپراتۆریەتێکی خێوئاساوە کە پڕە لە ئۆردوگای دوورخراوە و بێگاری؟ ئایا دەتوانی قوتار بیت لە پرسیاری «دەسڕت پێیە؟»، تەنانەت بە داس و چەکوش، تەنانەت بە هەموو ئۆردوگا سازکەرەوەکانی ستالینی؟

من وێڕای ئەوەی دەیان ساڵە بە زمانی رۆمانیایی دەپەیڤم، تەنها وەختی قسەکردن لەگەڵ ئۆسکار پاستیۆر بوو تێگەیشتم گۆکردنی رۆمانیایی بۆ دەسڕ»باتیستا»یە- نموونەیەکی دیکە لەمەی کە زمانی رۆمانیایی چەندە حسییەو بەردەوام وشەکان راستەوخۆ بەرەو ناخی شتەکان دەئاژۆێ. قوماش و بابەتەکە لێکهەڵناوەشێنێ، بەڵکو زیندوو و ئامادە بە شێوەی دەسڕ دەردەکەوێت، بە شێوەی «باتیستا». چما هەموو دەسڕەکان، هەموو کاتێك و لە هەموو جێگەیەك، لە بابەتی باتیستن.

ئۆسکار پاستیۆر ئەو دەسڕەی خستە جانتاکەی خۆیەوە و بە وردی پارێزگاری لە یادگاری پیرۆزی ئەو دایکە کرد، کە دوو دایك بوو ، دوو کوڕی هەبوو، پاش پێنج ساڵ ژیان لە ئۆردوگاکان، لەگەڵ خۆی بردی بۆ ماڵەوە، لەبەرئەوەی دەسڕی باتیست سپێتییەکەی نیشانەی ترس و ئومێد بوو. ئەگەر ترس و ئومێدتان لە دەست بدەن، دەمرن.

دوای گفتوگۆکەمان لە بارەی ئەو دەسڕە سپییەوە، تا بتلێکی شەو نەخەوتم و ئەم وشانەم لە سەر کارتێکی سپی بۆ ئۆسکار پاستیۆر بە تەنیشت یەکەوە لکاند:

بیا(Bea) دەڵێ خاڵەکان خەریکن لێرە سەما دەکەن
وا دەبییە خاوەن پەرداخێکی شیر خواردنی بەرز
جلەکان لە تەشتێکی سپی، مسی، سەوز، خۆڵەمێشی
هەموو کاڵاکان

رادەستکردن بە پێی داوا

سەیرکە

بە شەمەندەفەر سەفەردەکەم

ئاڵوباڵوویەك لە قاپی کەفە سابوونەکەدا

قەت قسە لەگەڵ نامۆکان مەکە

لە تەلەفۆنی ناوەندیدا هیچ مەڵێ

دوای چەند رۆژێك، کە چوومە سەردانی تا ئەم وشە لکاوانەی بدەمێ، پێیوتم: (دەبێت بۆ ئۆسکاریشی پێوە بلکێنی.) وتم: (ئەو شتەی دەیدەمە تۆ هیی تۆیە.) وتی: (دەبێت پێوەی بلکێنی، لەبەرئەوەی لەوەیە کارتەکە خۆی ئەمە نەزانێ.) کارتەکەم بردەوە ماڵێ و نوسیم بۆ ئۆسکار و پێمەوە لکاند. هەفتەی دواتر کارتەکەم پێدا. وەك بڵێی جاری یەکەم بێ دەسڕ لە ماڵ چووبوومە دەرێ، بەڵام جاری دووەم بە دەسڕەوە.

چیرۆکێکی تریش بە دەسڕ کۆتایی دێت.

باوەگەورە و دایەگەورەم کوڕێکیان هەبوو بە ناوی ماتس. لە دەیەی نۆسەدوسی ئەویان نارد بۆ تیمیشۆئارا تا لە رشتەی بارزگانیدا بخوێنێ و رۆژێك بازرگانی دانەوێڵەی خێزانەکە و سەرپەرشتی فرۆشگای تەرەباری ئەوان بگرێتە ئەستۆ. مامۆستاگەلێك لە رایشی ئەڵمان لەوێ وانەیان دەوتەوە کە نازیی تۆخ بوون. راستە کە ماتس وانەی بازرگانی دەخوێند، بەڵام پتر رێوڕەسمی نازیی بوونیان فێردەکرد. بە پێی بەرنامەکە، دەبووە شۆردنەوەی مێشك. ماتس کاتێك خوێندنەکەی تەواوکرد، بووبووە نازییەکی توندڕەو. بووبووە مرۆڤێکی دی. دروشمی دژە جوولەکەی دەوت و بە جۆرێك مێشکی خڵەفابوو کە نەدەکرا لێی نزیك بیبەوە. باوەگەورەم چەندین جار سەرزەنشتی کرد. هەموو سەروەتەکەی قەرداری رێزێك بوو، کە هاوڕێ بازرگانە جوولەکەکانی خستبوویانە بەردەستی. سەرکۆنەکردنەکان کارێکیان نەکرد و باوەگەورەم چەند جارێك دای بە بەر گوێی ماتسدا، بەڵام کابرای گەنج تەواو ئاوەز لە سەری پەڕیبوو. بووبووە خاوەن بیری ئاواییەکە و ئەو گەنجە هاوتەمەنانەی خۆی ئازاردەدا، کە خۆیان لە چوونە بەرەی شەڕ دەبوارد. ماتس لە سوپای رۆمانییدا کارەکەی دەفتەرداری بوو، بەڵام حەزیدەکرد لە تیۆرییەوە رووبکاتە کرداری، هەربۆیە بووە خۆبەخش لە راژەی ئێس ئێسدا و داوای کرد رەوانەی بەرەی جەنگی بکەن. دوای چەند مانگێك گەڕایەوە تا زەماوەند بکات، لەبەرئەوەی بە بینینی تاوانەکان لە بەرەی شەڕ تۆزێك ئاوەزی هاتبووەوە سەرخۆ، سوودی لە فۆرمۆلەیەکی ئەفسووناوی وەرگرت، کە ئەو رۆژانە کارساز بوو تا چەند رۆژێك خۆی لە بەرەی شەڕ بدزێتەوە. ئەم فۆرمۆلە ئەفسووناوییە هەمان مۆڵەتی هاوسەرگیری بوو.

دایەگەورەم لە بنەوەی چەکمەجەکەیدا دوو پۆستکارتی ماتسی هەبوو: یەکیان وێنەی زەماوەندەکەی و ئەویدیش وێنەی جەنازەکەی. لەوێنەی زەماوەندەکەیدا، بووکێك دەبینین بە جلی سپییەوە، قولانجێك بەرزتر لە زاوا، شووڵکی و بە ویقار کتومت وەك پەیکەری گەچی مەریەمی پیرۆز. ئەڵقەیەك گوڵەمۆمی بە سەرییەوە بوو وەك ئەو گەڵایانەی بەفریان لەسەر کەوتبێت. ماتس لە تەنیشتییەوە وەستابوو بە بەرگی نازییەکانەوە، پتر سەرباز، نەك مێرد، وەکبڵێی پاسەوانی بووك، نەك زاوا. کە گەڕایەوە بەرەی شەڕ، زۆر زوو وێنەی لاشەکەی گەیشت، وێنەی سەربازێکی نەگبەت کە لەسەر مینێك تیکەتیکە بووبوو. وێنەی لاشەکەی بە هێندەی لەپە دەستێکە. لە ناوەڕاستی جێگەیەکی رەشدا، تەپۆڵکەیەکی بچووکی خۆڵەمێشی لە پاشماوەی لاشەکە

لەسەر قوماشێکی سپی دەبینرا. لەو چوارچێوە رەشەدا، قوماشە سپییەکە وەك بڵێی وەك دەسڕێکی منداڵانە بچووکە، چوارگۆشەی سپی بە وێنە و نیگاری سەیر و سەمەرە لە ناوەڕاستیدا. ئەم وێنەیە بۆ دایەگەورەم تێکەڵەی دوو شت بوو: لەسەر دەسڕە سپییەکە نازییەکی مردوو، بەڵام لە یادەوەری ئەودا کوڕێکی زیندوو. دایەگەورەم تا زیندوو بوو ئەم وێنە دوو ماناییەی لە پەنا کتێبی دوعاکەوە هەڵدەگرت. هەموو رۆژێك دوعای دەکرد و دوعاکانیشی بێگومان دوو مانای هەبوو. دەیزانی کوڕە خۆشەویستەکە نازییەکی توندڕەو بووە، بەڵام هاوکات لە بارەگای خودا دەپاڕایەوە هەم کوڕەکەی خۆشبوێت و هەم نازییەك ببەخشێت.

باوەگەورەم لە شەڕی یەکەمی جیهاندا سەرباز بوو. ماوەیەکی زۆر کە بە بێتاقەتییەوە لە بارەی کوڕەکەیەوە قسەی دەکرد تەواو دەیزانی چی دەڵێت. دەیوت: (کاتێك ئاڵاکان دەست بە شەکانەوە دەکەن، ئاوەزی مرۆڤ یەکڕاست دەخلیسکێتە شەیپۆرەکەوە.) ئەم هۆشداریە لە بارەی دیکتاتۆری دواتریشەوە کە من ئەزموونم کرد راستە. دەکرا هەموو رۆژێك ببینی کە ئاوەزی سودخوازان، لە گەورەترینیانەوە بیگرە تا بچووکترینیان، خەریکە دەخلیسکێتە شەیپۆرەکەوە.

کە منداڵ بووم دەبوو فێری ژەنینی ئۆکۆردیۆن بم، بە پێچەوانەوەی حەزی خۆمەوە. لە ماڵەوە ئۆکۆردیۆنێکی سورمان هەبوو، کە هیی هەمان سەربازی مردوو، واتا ماتس، بوو. قایشی ئۆکۆردیۆنەکە بۆ من زۆر درێژ بوون، بۆئەوەی لە شانەکانم نەخلیسکێ، مامۆستای ئۆکۆردیۆنەکە بە دەسڕێك ئەم قایشانەی لە پشتمەوە گرێدەدا. ئایا ئەم شتە بچووکانە- شەیپۆڕ، یان ئۆکۆردیۆن، یان دەسڕ- نین، کە شتانی زۆردوور لە یەك لە ژیاندا



هێرتا مۆلەر

پێکدەگەیەنن؟ شتەکان لە مەداری خۆیاندا دەخولێنەوە و لادانی ئەوان لە مەدارەکەیان شێوە و شکڵی جۆرێك دووبارە بە خۆوەدەگرێ، جۆرێك رۆڵی بێکۆتایی، یان بە وتەی ئەڵمانەکان رۆڵی بۆش.

ئەشێ باوەڕمان بەم خاڵە هەبێت، بەڵام نەیڵێین. بەهەرحاڵ، قسەیەك کە ناتوانی بیکەیت، دەتوانی بینووسی. نووسین کارێکە لە بێدەنگیدا، کارێکە لە سەرەوە تا دەست. دەم بە داخراوی دەمێنێتەوە. من لە سەردەمی دیکتاتۆریدا قسەم زۆر کرد، بە گشتیش بەم هۆکارەی کە بڕیارم دابوو فوو بە شەپۆرەکەدا نەکەم. قسە کردنی منیش ئاسایی سەرئەنجامێکی ترسناکی هەبوو، بەڵام نووسین لە بێدەنگیدا دەستی پێکرد، لەوێ لە سەر پلیکانەکان، لە هەمان جێگەیەك کە ناچار بووم لەگەڵ شتانی نەوتراو بسازێم. رووداوێك کە خەریکبوو روویدەدا، ئیدی نەدەکرا بە وتنی بیڵێی. ئەوپەڕەکەی دەکرا هۆکاری لاوەکی دەرەکی بڵێی. نەدەکرا ئەسڵی خودی رووداوەکە بڵێی. دەمتوانی ئەمە تەنها لە سەرمدا بڵێمەوە، بێدەنگ، لە رۆڵی بێکۆتایی وشەکان لە کاتی نووسیندا. بەو ترسە مەرگبارەوە بە جۆرێك تێنوێتی ژیان کاردانەوەم پیشاندا، چڵێسی وشەکان. هیچ شتێك نەیدەتوانی بارودۆخی من بەیان بکات، جگە لە گێژاوی وشەکان. ئەو شتەی دەمم نەیدەتوانی بیڵێ ئیملام دەکرد. چوومە راوی رووداوەکان، گرفتاری وشە و رۆڵی بێکۆتاییان بووم، تا لە کۆتاییدا شتێك سەری هەڵێنا کە پێشتر نەمدەناسی، شتێك وێنەی راستینە، پانتۆمایمی وشەگەلی جووڵاو، بێباك لە هەر جۆرە رەهەندێکی راستەقینە، کرژبوونی شتانی گرنگتر و کرانەوەی شتانی هەندەکی. ئەم رۆڵە بێکۆتاییەی وشەکان، وەختایەك کە شێت ئاسا هێرشی دەهێنا، جۆرێك لۆژیکی شوم هەڵدەگرێت لەسەر ئەو شتەی ژیاوە. پانتۆمایمی وشەکان بێ ئامانە و سەرکەش، بەردەوام تامەزرۆتر و تینووتر، بەڵام یەکسەر ماندووتر و داهێزراوتر. سەرەنجام بابەتی دیکتاتۆری ئامادەیی هەیە، چونکە ئەمەی کە ئیدی نەتوانین شتێك بە راست دابنێین، ئەوسا هیچ شتێك ناتوانێ ئاسایی وەمێنێ و رێگە بە هاوشێوەی ئەوە نەدۆزێتەوە. بەڵێ، بابەتەکە بە شێوەی پەنامەکی ئامادەیی هەیە، بەڵام وشەکانن، کە یەخسیرم دەکەن. بۆ هەر کوێ بیانەوێ بابەتەکە رادەکێشن. ئیدی هیچ شتێك مانای نییە و هەموو شتێك راستە.

وەختایەك کە قادرمەنشین بووم تاق و تەنیا بووم، مینا کاتێك کە منداڵ بووم و دەچوومە دۆڵی رووبارەکە بۆ لای گاکان. گەڵا و گوڵەکانم دەخوارد، تا ببمە یەکێك لەوان، چونکە ئەوان دەیانزانی چۆن بژین و من نەمدەزانی. ئەوانم بە ناو بانگدەکرد: دڕکی شیردار بۆ نموونە بە مانای گیایەکی دڕکاوی بوو کە لاسکەکەی شیری هەبوو، بەڵام ئەم گیایە بە ناوی دڕکی شیردار وەڵامی نەدەدایەوە. هەوڵمدا ناوگەلێك دابهێنم کە نە شیریان تێدابێت و نە دڕك. گەڵا چەقۆیی، قوڕك دەرزیلەیی. ئەم ناوە لە خۆوە داهێنراوانە مەودای من و گیاکانی زیاتر دەکرد و ئەم مەودایە دەگۆڕا بۆ دۆڵێك: لەنگی قسە کردن لەگەڵ خۆم، نەك لەگەڵ گیاکان. بەڵام ئەم لەنگییە بۆ من بەسوودبوو. ئاگام لە گیاکان بوو و دەنگی وشەکانیش ئاگایان لە من بوو. هەستم دەکرد کە:

هەر وشەیەك لە بەرامبەرت
شتێك لە رۆڵی بێکۆتایی دەزانێ
بەڵام نایڵێ

دەنگی وشەکان دەزانێ، کە چارەیەك نییە، جگە لە شوێنەوار ونکردن، چونکە شتەکان بە رەگەزێك کە هەیانە شوێنەوار وندەکەن و هەستەکانیش بە دەرکەوتن. دەنگی وشەکان، هاوڕێ لەگەڵ راستینەیەك، کە ئەم دەنگە دروستدەکات، لە وەرزێکی هاوبەشدا ئارام دەگرێت، لە وەرزی هاوبەشی شوێنەوار ونکردنی بابەتی شتەکان و شوێن ونکردنی دەرکەوتنەکان. لە نوسیندا، خاڵی گرنگ شوێنەوار پیشاندان نییە، بەڵکو راستگۆیی شوێنەوار ونکردنە.

ئەو سەردەمەی لە کارگەکە قادرمەنشین بووم و ژووری کارەکەم دەسڕ بوو، سەیری وشەی جوانی «ترپنزینس» یان «نرخی بەهرەی هەڵکشاو»یشم کرد. چما نرخی بەهرەی قەرز لە پلیکانەکانەوە سەردەکەوت. (لە زمانی ئەڵمانیدا بەوە دەڵێن»بەهرەی قادرمە».) ئەم نرخە هەڵکشاوە بۆ کەسێك وەك خەرجی لە قەڵەم دەدرێت و بۆ کەسێکی دیکە داهات. لە نوسیندا، هەر چەندێك زاتر رۆدەچمە قووڵایی تێکستەوە، دەبێتە هەر دووکیان. بابەتی نوسراو هەرچەندێك پتر لە من بستێنێ پتر پیشانیدەدات چ شتێك لە ئەزموونی ژیاندا ونە. تەنها وشەکان ئەمە ئاشکرادەکەن، چونکە لە سەرەتاوە نەیانزانیوە. لە هەر جێگەیەك کە کتوپڕ ئەزموونی ژیان بە دەستدەهێنن لە هەمان جێگە باشتر رەنگیدەدەنەوە. لە کۆتاییدا بە جۆرێك رازیکەردەبن، کە ئەزموونی ژیان دەبێت خۆی بەوانەوە بلکێ، تا لێکهەڵنەوەشێ.

پێموایە شتەکان ئاگایان لە رەگەزی خۆیان نییە، بەڕۆژبووەکان لە هەستەکانی خۆیان بێئاگان، وشەکان نازانن کام زار دەیانڵێ، بەڵام ئێمە بۆ ئەوەی دڵنیابین لە بوونی خۆمان پێویستمان بە شتەکان و بەڕۆژبووەکان

دەبین. ئەگەر دەمی ئێمە داخراوبێت، ئەوسا هەوڵدەدەین لە ڕێگەی بەڕۆژبووەکان، تەنانەت شتەکانەوە بوونمان دەرخەین. شیکردنەوە و گوزارشتیان دژوارترە و درێژە دەکێشێ، تا خانەگومانی بوروووژێنن. دەتوانن یارمەتیمان بدەن، تا سووکایەتی بگۆڕین بۆ جۆرێك پلە و پایە، کە درێژە دەکێشێ تا خانەگومانی بوروووژێنێ.

بەیانییەکیان زوو، تۆزێك بەرلەوەی لە ڕۆمانیاوە کۆچ بکەم بۆ دەرەوە، پۆلیسی گوندەکە هاتە دووی دایکم. دایکم کە گەیشتە بەر دەرگاکە بیری کەوتەوە «دەسڕم پێیە؟» نەبوو. وێڕای ئەوەی پۆلیسەکە پەلەی بوو، دایکم گەڕایەوە ماڵەوە و دەسڕێکی هەڵگرت. لە ڕەبییەکە، پۆلیسەکە تەواو تووڕە بوو. زمانە ڕۆمانییاییەکەی دایکم دووکەڵی دەکرد و سەری لە هاتوهاواری پۆلیسەکە دەرنەدەکرد. پۆلیسەکە لە ژوورەکەی خۆی چووە دەرێ و لە دەرەوە دەرگاکەی قوفڵدا. دایکم بە درێژایی ڕۆژ لە هەمان جێ زیندانی مایەوە. چەند کاتژمێرێکی سەرەتا لە پشت مێزی پۆلیسەکەوە دانیشت و گریا، پاشان ماوەیەك لە ژوورەکەدا سەروخواری کرد و وردەوردە بەو دەسڕەی کە بەهۆی فرمێسکەکانییەوە تەڕبووبوو، کەوتە سڕینەوەی کەلوپەلەکان، پاشان ئەو سەتڵە ئاوەی هەڵگرت، کە لە کونجێکی ژوورەکەدا بوو، هەروابێتەوە ئەو خاولییەیش کە بە عەلاگەکەدا هەڵواسرابوو و عەردی ژوورەکەی خاوێن کردەوە. دواتر کە ئەمەی بە من وت ڕاچڵەکام. پرسیم: «چۆن توانیت بەم شێوەیە ژوورەکەی خاوێن بکەیتەوە؟) زۆر ئاسایی وەڵامیدایەوە: (دەمویست کارێك بکەم، تا کات بگوزەرێنم.) نووسینگەکە زۆر پیس و پۆخڵ بوو. باشبوو کە یەکێك لەو دەسڕە گەورە پیاوانانەم هەڵگرتبوو.»

تەنها ئەو کاتە بوو تێگەیشتم دایکم بەم سووکایەتییە زیاترە، بەڵام خۆویستە، لە کاتژمێرەکانی زیندانی کردنیدا، جۆرێك پێگە و جێگەی بۆ خۆی کڕی بوو. هەوڵمدا بە وشەیەکی چینی واژەکان بدۆزمەوە:

بیرم لە گوڵی سوری بەهێزی ناخی دڵم کردەوە

بە ڕۆحی بێ سوودی وەك هێڵەك

بەڵام خاوەنەکەی وتی:

کێ باشتر دەبێت

وتم: رزگار بوونی پێست

هاواریکرد: پێست شتێك نییە

جگە لە پارچەیەك باتیستی بێ نرخ

بێ ئاوەز و هۆش

خۆزێ دەکرا رستەیەك بڵێم بۆ هەموو ئەو کەسانەی، کە حکومەتە دیکتاتۆرییەکان هەموو ڕۆژێك، هێشتا تەنانەت تا ئەمڕۆیش، پێگە و جێگەیان لێسەندوونەتەوە- ڕەنگە رستەیەك کە دەسڕی تێدا بێت- یا ئەم پرسیارە»دەسڕت پێیە؟»

لەوەیە پرسیاری پەیوەست بە دەسڕ، ئەسڵەن قەت پەیوەندی بە دەسڕەوە نەبووبێ، بەڵکو پەیوەندی بە تەنیایی قووڵی مرۆڤێکەوە هەبووە؟

پەراوێز:

1. شاعیر و وەرگێڕی ڕۆمانیایی لە ساڵی (2006) مرد. هێرتا میوللەر لە دواییەن ڕۆمانی خۆیدا ئاماژەی بە ژیانی ئەو کردووە.